لە دیدەنی عەزیز گەردیدا… حەیدەر عەبدوڵا

"دەمەوێت وشە بە تەرازوو دابنێم!"

عەزیز گەردی بە کتێب ژیا و لەگەڵ کتێبیش سەری نایەوە. بە کەرکردنەوەی وشەی کوردی و بەکارهێنانیان لە وەرگێڕان و نووسیندا تێنیا بە فەرهەنگ و کوردیزانانی پێش خۆی دەی دانەکوتووە، بەڵکە گوند بە گوند گەڕاوە و گوێی بە پیرەژن و پیرەمێردان گرتووە و هەرچی لە دەمیان بەربووەتەوە، لە کۆشکێکی بەردەستی تەماری کردوون.
بەڵێ ئەکادیمی بوو، بەڵام خۆی لەنێو چوارچێوەیەکی بەرتەسکی سەرچاوەڕاڤکراو قەتیس نەکرد، ڤقی لەوە بوو پیتی (دال) لەپێش ناوی خۆی بنووسرێت، هەر بۆیە لە هەموو کتێبەکانی هەر (عەزیز گەردی)یە.
ئەو، بەر لەوەی نووسەر بێت، خوێنەر بوو. بەر لەوەی زمانە بیانییەکان بزانێت، لە زمانی کوردی و شێوەزارەکانی قاڵبووەوە.
لە ساڵی 2015 سەردانم کرد، هەر ئەو دەم شتێکم لەسەر نووسی، بە کۆمەك دەستکاریيەوە لەردا دای دەنێمەوە:
لەوەتەی سەروکارم لەگەڵ خوێندنەوەدا پەیدا کردووە، عەزیز گەردی لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە دەناسم. تاکە وەرگێڕێك کە ئێستە هەموومان شانازیی پێوە دەکەین، بە وەرگێڕکی مەزن و هەڵکشاوی زمانی کوردی نۆزەدی دەکەین، ڕۆژانە بە شانوشەپۆلکیدا هەڵدەدەین، عەزیز گەردییە.
دەمێکە حەز دەکەم بچمە دیدەنی، لە دەریای ئەزموونەکانی سوود وەربگرم و بە قسە خۆشکەڵەکانی خۆشباربم.
لەم ڕۆژانەدا ئارەزووی دیداری ئەم زانا زمانزان و وەرگێڕە مەزنە، کەللەی گەرم کردمەوە، پێوەندیم بە چەند کەسێکەوە کرد، کە ئەم دیدارەم بۆ ڕێك بخەن، هەموو وتیان باشتر وایە نەچیت، چونکە ئەو نەخۆشە و لەوانەیە دەرگەشتان لە نەکاتەوە! تەنانەت بۆشك لە هاوڕێیان دەترسان ژمارەشم بدەنێ، چونکە ئەو لە زەربەی دەستانی خۆی زیز بووە!
بەم بۆبیانوانە دەم ئاوی نەخواردەوە، هەر سووربووم لەسەر ئەوەی دەبێ هەر ببینم. نیوەڕۆیەك پێوەندیم بە هەمن خۆشیدەوە کرد و گوتم: بابڕۆین.
- بۆ کوێ؟

+ماڵی عەزیز گەردی.

- بە بۆئیزن و هیچ پرسەکیەك، شتی وا چۆن دەبێت؟

+برا ئەگەر دڵیت، دەنا من بە تەنیا دەڕۆم...عەزیز گەردی پشکی و مشکی ناو...

-دەی منیش دێم...

ڕێشتین، لە ڕێگە هەر باسی کتێبەکانی (داغستانی من، لاوەچ ، قەڵەم ، سەروا، درەختی چل داستان، زارا عەشقی شوان، ژیان و جەنگ و هیچی تر)مان دەکرد.

دوای سەراخ و پرسکی زۆر، گەنجێگ ماڵەکەی نیشاندایین و هەر خۆیشی لە دەرگەیدا... پیاوێکی پیر هاتە دەر، بۆی چووم و هەر خۆرا ئەولا و ئەملام ماچ کرد، ئاخر ناهەقم نەبوو، وامزانی عەزیز گەردییە. گوتی: ببووڕە! من برای ئەوم ... تەزوویکی سارد بە جەستەمدا هات. هەمن خوشیدیش لەم لاوە دەستی بە دەموچاوی گرتبوو و بۆپکەنین لاربووبووەوە.

بە هەمەحاڵ، گوتم: هاتووین بۆ لای مامۆستا عەزیز گەردی.

گوتی: بەداخەوە! تازە دەرچوو ... قۆناغێك قسەمان لەگەڵ برایەکەی کرد و

بە دڵسارد یگەیاندەوە.

ڕۆژی 19/ 1/ 2015، دیسان بە هومێدی دیدەنی، کەوتینەوە ڕێگ، خوا هەڵناگرێت برایەکەی کارئاسانیی زۆری بۆ کردین، ڕێگ لەبەردەم دەرگا وەستیان و مامۆستا عەزیز گەردی دەرگای لێ کردینەوە، زۆر بە خەمباری پشوازیی لێ کردین، گوتم: ببووڕە مامۆستا کاتت دەگرین.

گوتی: "کات هیچ بەهای نییە!"

گوتم: ئاخر لای تۆ جوانترین بەهای وەرگرتووە.

گوتی: " لەکنە من لە هەمووشتێك پیسترە!" یەکسەر هاتەسەر ئەوەی کە غەدری لێکراوە، ئەزیەتدراوە، خولاسە بەشێك لە دەردەدڵی خۆی بۆ هەڵشتین.

کتێبێکی بە دەستەوە بوو، تەماشام کرد کتێبی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان) بوو.

دڵشەکێکی لە دەرەوە ڕاخستبوو، گوتی: "فەرموون دانیشن! بینیم کتێبێکی دیکەشی لەبەر دەست بوو، لاپرەیەکی سپی لەنێو دانابوو، ئەویش ڕەمانی (ماڵی نانی) بوو.

گوتم: چما تۆ کتێبی نوێبابەتیش دەخوێنیتەوە؟

گوتی: "حەز دەکەم هەرچییەك کە دەردەچێت، بیخوێنمەوە، بەس کوا پێ ڕادەگەم؟"

بۆیە ئەو پرسیارەم لێی کرد، چونکە بەشێک لە نووسەرە کۆنەکان، کە باسی بەرهەمی ئێستەی نووسەرانیان بۆ دەکەیت، گرژ دەبن، دیارە ئەوانیش ناهەق نین، لە جیهانی نووسینی ئەمڕۆدا پاشاگەردانییەکی زۆر هەیە، کەس بەکەس نییە.
مەجلیس گەرم بوو، بەرەبەرە هەنگ و ڕوخساری دەگەشایەوە، دەستی بە نوکتە و قسەی خۆش کرد. زۆر بەڕازەوە دەدوا.
گوتم: مامۆستا تۆ لەنووسینەکانت وشەی هاوواتا (مرادف) زۆر بە دوای یەکەوە دێکاردێنی…
گوتی: "ڕاستییەکەی من دەمەوێت وشە بە تەرازوو دابنێم، بەڵام دەشکرێ وام کرد بێت، بەڵام شێوازی دەقە ئەسڵییەکە زۆرجار شێوازی وەرگێڕانت پێ دەگۆڕێت."
هەمن خۆشید گوتی: مامۆستا من ئەو تامەی لە کتێبی (داغستانی من) کردم، نەمتوانی ئەو چێژە لە کتێبەکانی دیکەیت بکەم.
گوتی: "یەک خاڵی زۆر گرنگ هەیە، ڕاستە من لەو کتێبەدا زۆر خەم ماندوو کردوو و وشەی جوانم تێدا بەکارهێناوە، بەڵام من پێم وایە بابەت دەور دەبینێ. تۆ دەبێ بۆ هەر بابەتێک، زمانێک بەکار بێنێ. لەوانەیە زمانی داغستان وای لێ کردبم بەم شێوە ناسکەی تێ دەیڕێیت وەریبگێڕم."
لەبارەی نووسینەوە گوتی: "من پێش نەخۆشییەکەم، لە بەیانییەوە تاکوو دەمژمێر یەکی شەو دەمنووسی، بەڵام ئێستە بەستم لێ بڕاوە."
گوتم: ڕاستییەکەی تۆ شایانی خەڵاتێکی زۆر گەورەی، ئەو خزمەتەی تۆ کردووتە کەم نییە…
بەمە نەختێک دەموچاوی تێکناو و فەرموویی: " بۆچی کاک حەیدەر! تۆ خەڵاتت پێ هێندە شتێکی گەورەیە؟ ئەوەی هیچ نەبێ لە کوردستان خەڵاتە!
کێن ئەوانەی خەڵات دەدەن؟ بۆچی دەیدەن؟ ڕاستییەکەی خەڵات هەتکردنەوە، زۆر لە خەڵات وەرگرتن باشترە."
وێجا لایەکی لێ کردمەوە و گوتی: "نابرا! تۆ بە هەڵە لە خەڵات گەیشتوویت، بە دەیان جار ناوم بۆ خەڵات زل هاتووتۆ، هەتم کردووەتەوە…"
بزەیەکی کرد و گوتی: " تۆنها یەکجار خەڵاتێکی زۆر گەورەم وەرگت… با بێت بگێڕمەوە چۆن بوو، لە چایەخانەی مەچکێ کابرایەک گوتی:" ئیللا وبیللا دەبێ بچینەوە ماڵەوە، دڵمەمان هەیە دەبێت لەگەڵمان بخۆیت. منیش دڵم نەشکاند و لەگەڵی چووم… وەختێک لە ماڵیان دانیشتم، کابرا بانگی کوڕەکەی کرد

و گوتی: کۆم وەرە ئەوە عەزیز گەردییە!
کۆەکە سەرکی بە ژووردا گرت و گوتی: تخوا بابە ئەوە عەزیز گەردییە! دواتر منداڵەکە هات لەگەڵمان دانیشت، ناوەناوە سەری خۆی خواردەکردەوە و دەیگوت: تخوا بابە ئەوە عەزیز گەردییە؟ تومەز چیرۆکەکانی منی خوێندبوونەوە، یان بۆی خوێندرابوونەوە… ئەوە باشترین خەاتە کە من لە دونیا وەرمگرتبێت.
لەسەر زۆر بابەتی ئەدەبی قسەمان کرد… ئەو پێی وابوو کەسێک گەر بیەوێت بنووسێت، دەبێ بازنەی خوێندنەوەی فراوان بکات، خۆی بە زلتر نەزانێت، دەنا باشتر وایە واز لە نووسین بێنێت. دەیگوت ئاخر چۆن دەکرێ بنووسی و ئاگات لە نووسینەکانی هەژار و هەمن و عەلائەدین و مەسعوود محەمەد و، مەلاشوکر …نەبێت.
گەردی کەسکی خاکی بوو، بە شەواڵە تۆزاوییەکەی هێندەی تر خۆی لە دڵی ئەمەدا شیرین کرد. ژیانی ئەو جگە لە کتێب هیچی تر نییە… هەنگی ووخساری زۆر لە ووپەلی کتێب دەچوو.
گوتم کاتێک دیوانی حاجی قادری کۆیم بۆ شەرحی مسعوود محەمەد خوێندەوە، هەستم کرد لەکدانەوەی مسعوود محەمەد لە شیعرەکانی حاجی بۆنرختر.
گوتی: "منیش هەمان بۆچوونم هەیە و پێم وایە مسعوود محەمەد زۆر بە ئاستەکی بەرز نووسیویەتی."
گەردی زمانی عارەبی ، ئینگلیزی، فارسی ، فەرەنسی و ئیتاڵی دەزانی و پێیان وەردەگێڕت… وەڵای ئەمانەش، زمانی کوردی بە زۆربەی شێوەزارەکانیەوە دەزانێت.
کاتی خۆی بۆ فێربوونی وشە و زاراوەی زیاتر، سەردانی چەندان گوندی کوردستانی کردووە، لەنێویاندا گوندی (شێخوسانان) بووە، چونکە کە گوتم خەکی گوندی (شێخوەسانان)م، پێکەنی و گوتی: "کاتی خۆی چوومەتە شێخوەسانان و لە وێ لای (حاجی لاس) زۆر دانیشتووم، زۆر شتی کۆنم لێ پرسیوە…" دواتر هەمین عومەر خۆشناویش ئەمی پشتڕاست کردەوە و گوتی بۆ یەکەوە لە گوندان زۆر گەڕاوین.
لە کۆتاییەکەی ویستمان هەستین، گوتی هێشتا دانیشن، دیاربوو مەجلیسەکەی ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو… گوتی: بە دەم خۆشم ویستن.
ڕاستییەکەی لەزەتێکی خۆشم لە دیداری وەرگرت، ئەوەی ویستم لێم پرسی. دەبێ کورد شانازیی بەخێیەوە بکات، کە کەسێکی هێندە بە توانا و زانای وەک عەزیز گەردی هەیە.

ڕۆژی 3/ 6/ 2022 لەگەڵ زیرەك كەمال لە نەخشانە سەردانمان كرد و بۆ دووەم جار بۆ دیداری گەیشتمەوە، پێیتاپێیتا نووسەر و خوێنەران سەردانیان دەكرد، بۆیە وا دیاربوو دوا دیدار بوو، لە ڕۆژی 6/ 6/ 2022 بۆ یەكجاری بەجێی هێشتین.
حەیدەر عەبدوڵا

باڵندەیەك لە نووتەكدا بەردەبێتەوە... سروشت نەوزاد

یەكەمین دەستپەدەكات.
بەربەیانی ڕۆژكی بەدبین، ئاگەر چی ڕۆژكی تەواویش نا، تەنیا چەند كاتژمێرێك پاش كاتژمێر سێ و سی و دوو خولەكی پاش نیوەڕۆ، پازدەی ژوئیەی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و دوو، كاتێك ئۆپارتمانەكانی پرۆئیت ئیگەی سانت لویس بەهەی دینامێتەوە تەقێنرانەوە.

پاشان لە ناكاو باڵندەیەك لە نووتەكدا بەردەبێتەوە.
پاشان خەڕەكە چەشنی دەفرێكی سووری مس
پاش ئەوەی كە سپەدە دەخواتەوە،
بەرز بەرز هەڵدەكشێ و
كەوە زەبەلاحەكان بەجێ دەهێڵێت..

سەرەتای ڕۆژە،
ئەمە كاتێكە سەرتاپا جلەكانی خەی گەیوە و میلەكانی دادەكەنێت.
سەرەتای سەرەتا
ساڵانێك پاش گاگەكەی نەو ئاشكەوتان*
سەبەری تیژەو
یاخود
شەقامێكی درێژ كە شەوانە هوونا كییەكەی پڕ دەكات و
هەردەم كەسێك بە خەیاڵی پێتیەوە
دەستی لە دەستی منداڵێكدا، پیاسە دەكات.

سەر لە دووی من ئەمستا

تەنانەت کە دەشزانم شارەکانت دژ بە فرێنیت
بەجووتێک دەستی کارەبایی،
لە ئازاوەترین ڕۆژەکانم ئادەوەستیت.
سەر لە دووی تۆ، لەگەڵ بادا پەرتەتەکانم دەکێشم
دەگمەن نەبێت پەنابەر و
شلە بەردی ئاگراوی نێو بورکانم.
سەر لە دووی تۆ وەختێ گەڕام
بنچکی سەربەاوی خەم دەزییەوە،
هاوارم کرد:
سەر لە دووی تۆ کاتێک
باڵندەیەکی زلی خەمبار لە حەوشەکەدا بەدیل دەگری و
بۆ پلیکانەکەدا دەیتە خوار.

سەبارەت بە خۆنم، ئەگەر چی نەمدەویست بتبینم
کاتێک بوتەی بەتاڵەکان لە ژێنگی دەریاکە پڕ دەکەیت و
بەندەکەویت لە ژێر تەپڵە هەورە چڕەکاندا،
دەربارەی ئەو زەویەی کە دەیکەم
کاتێک لە کەنگە دوورەکاندا شەو دادێت و
لەبیری دەکات بگەڕێتەوە،
من پاسوانم،
ئەو ڕەگایە دەپارێزم کە لەژێر پێیەکانمدان.
من ڕەبەرم،
بەڵام پەناوکانم هەرگیز هی من نین…

دەربارەی ڕۆژەکانی
بەرامبەر تیغی تەنانەت کە دادنیشێت و ئوتوو دەکات
کەسێک کە ڕۆژی ژیانی درێژ دەکشێ و دادەگیرسێ
کاتێک لەسەر کورسیەکە دەخونێتەوە،
وەک هەمیشە قاوە گەرمەکەی هەڵدەلووشێت.
کەسێک بەیانیان قاوەتی ئامادە دەکات و سەموون دەکێت
جار نا جار ئەلبووم‌ەکە دەکاتەوە،
پرسەی نییە، ئەگەر چی وێنەی باوان، نێو و مردووان…
مردووان مردووانن.
کەسێک دەستەکانی دەلەرزن
وەختێک سمتی ژنەکە دەگوشێت و زار دەکاتەوە.
مردووان مردووانن…
کەسێک کە دەیویست کاتژمێرەکە

لە مەچەک بکات و جلەکانی بگۆڕێ
کاتێک تەنانەت لەسەر مێز کە دادەنیشێت و ئوتوو دەکات.

کەسێک کە بە خێرایییەکی زۆرتر نزیکتر دەبێتەوە
بە ئاڕاستەی دەستێک لەو کاتەی لەزمە باران دەکوژێتەوە و
تەمەکە خەستتر دەبێتەوە
وەک ئەوەی بیەوێت ئەمیان لەودا پشووبدات،
بە خەی و ەوخسار گەلەک چین لەسەر چین کەکە دەبن
کاتێک لە ژوورەکراوەکەدا دووگمەی تیفی دادەگرێت و
زەنگ بە دەستەکەی دەکات.
بە خەی و زارێک کە شیعرێک دەخوێنێتەوە دەربارەی ئەوەی؛
باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە.
یا شیعرێک ناخوێنێتەوە دەربارەی ئەوەی؛
باڵندەیەک لە نووتەکدا بەردەبێتەوە.

پاشان بە ئاڕاستەی باڵندەیەک لە ناکاو کە بەر دەبێتەوە،
لەو شەقامەی کە شەوانە ەوونا کییەکەی پێ دەکات و
هەردەم کەسێکیش بخەیاڵی پێتییەوە
دەستی لە دەستی منداڵەکدا،
ەنگبوو بیەوێت پیاسە بکات…

لە گفتوگۆی پێویست بە ەزگاریی هەسارەکەوە، نەخشەکانیان هەڵدەواسن. پاش گەشتێک
بە نەو دارستان لە دامێنی درەختە ەق و وشک هەڵاتووەکاندا.
پیاوە گەنجەکەش لە بەردەمیان، سەر و سیمای هەڵبەوسکاو، جێیەک کە تێیدا
لە پشتیەوە تەوژم دەدا و بە مەژوودا خێی درێژ دەکات.
عەساکە زەینەکەی درێژ، لە دەست نووقاو بە ئەسک و پروسکی ئەوانەوە کە خوازیاربوون بەر لە تەفان شارەکیان جێبهێڵن و لە چیاکەدا بنیشنەوە.

پاپەڵ گەلە سپی پشەکان بە بە هیچ نیشانەیەکی لاییان، لە جووڵەیان بەسەر چرکە زەرملەکاندا دەکەون. وەک ئەوەی دەردەکەوە دەتوانرێ نزیکتر ببینرێت، ئەوە دەریایە، ئیمپراتۆرێتێک لەو نەوانەی با لە زماندا دەکەن و پێی ئاسکە تاریک دەکەن. لەو زەنگەکە هەردەم دەزرنگێتەوە و دەنگەکان پێکدا دەدەن ، بە خەیان و

نامەی نووسراویان بۆ پەستاو.

ئۆواریەکی بەفرانبار** دواین زرمەی سامناکی بە هەواکەدا هەکرد.
کەشتیەکە بەو کتێبەی گەپەکەی دادگیرسانـــد لە ئەفسـانەکەی
نەپەیبەوە.
بوونەوەرە کەم ناسراوەکەش وەک ئەوەی دەسەاتی لە گەردوون دزیبەت،
بە جـووڵەی قـورس و برسـتیەکی دەنـدانەوە لە نـوان زەیە
باریکەکاندا بە پشوودان دەیگرماند و غاری دەدا.

بەسـەر قەراوەڵەی خۆەکەدا و لە دامێنـی، هـزرە ترساوەکـان
کەڵەکەدەبن، بە پەتاو لە ژێر پرچیدا هەدەچن و گۆیەکانی دەسمن.
قاوشەکانیش سارد و بە هەنـگ لە کەشی ئەو ژووراندی چێشنی خـاچ
هەواسراو بۆ پلازما.
بوتەی تاقەنەری هەناسە پەدەر و گەڵای وشک و هێزاوی وەسیەت جار نا
جارێک کە دەڵێیشتن
بـا دەیـبردن بۆ هووی ژێـرەوی زەویەکە بۆ لای مەردمنـداەڵ
نووستووەکەی.

لە دەرەوەش بۆ ئاەاسـتەی پۆلیسـەکان بۆ خەیـان و دەمانچەکـانی
کەمەریانەوە، لەژێر گەپەپی سوور و زەردی ترافیکەکان، شەقامەکە
پەاوەکانی هەدەکەشە و خەی لە دەخوەێت.

جیهـانێکی هاوەسـتاوە، بە هەر بەرەکـی شـارەکەوە دەروازەکە خەی
هادەخات، لە نەوان تابلۆ تەز لە نیشتووەکان و ئەو درەختانەی لە
دامێنی قیرەکاندا دەشنەنەوە لەو هەوایەی دەستەمێ.
دەشنەنەوە: لە بۆ فریوی وەهمێک کە خوازیارن پەیان وابێت وا لە
کاتژمێرەکە دەکەن
میلەکانی هەبسووەێت،
بۆ لە تاقیگەکان و
ئەو پەککەوتووانەی لە نەو هەوری حەبدا دەلەرزن.

- (بیلی کەلینس) لە شیعری ئەرستەدا دەڵێ شیعرێکی هەیە بەم شێوەیە: ئەمە زەر زووە، سااەنێک بەر لە کەشتی نووح.
** ئۆواریەکی بەفرانبار/ ئاماژەی ئەو کات و ساتەیە کە قایرەسی کەرەنا لەو پەڵەی تەشەنەسەندن و بەاوبوونەوەیدا بوو بۆ جیهاندا. لەو نەوەندەیشدا، باوکم و کەسانێکی دیکە لە

هاوڕێ و دۆستانم، هەڵگری ڤایرۆسەکە بوون ومەترسی مردن و لەناوچوون لەسەر ژیانیان بوو.

منداڵبازیی.. لەخولیای کەسییەوە بۆ پرسی کۆمەڵایەتی لەچیرۆکی "نووشتەشۆ" ی فەرهاد شاکەلیدا.. عەبدوڵا سەرمان (مەشخەڵ)

لەکەینەوە

پرسی منداڵبازیی چیرۆکەکی کەنی مرۆڤایەتییە

منداڵبازیی (Pederasty)بۆ کردارە سێکسییە دڕوتراوەت کە مرۆڤی سەرووی هەژدە ساڵ لەگەڵ منداڵ و هەرزەکار چ کوڕ بن یان کچ ئەنجامی دەدەن. بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کردارە لە ڕووی تەندروستییەوە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت ؛ لەلایەکەوە جەستەی منداڵەکە دەشێوێنێت و لەلایەکی تریشەوە باری دەروونی ئەو منداڵە بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە و هەنگاو تا مردن کاریگەرییەکەی بمێنێت. ئەم هەڵوێستە دژی مرۆییە لە گۆشە و کۆنارەکانی کەمەگە بەڵام بە نهێنی و دوور لە چاوی خەڵک ئەنجام دەدرێ. سیستەمە جیاوازەکانی کەمەگە چ مەدەنی بن یان تۆتالیتاری؛ سزای تایبەتیان داناوە بۆ ئەو جۆرە کارە قێزەونانە. سەرباری بوونی هەڵگری لە بەردەم منداڵبازیی، کەچی تا ئێستا نەتوانراوە هەڵەکەش بکرێت. زۆربەی جارەکانیش ئەو کردارە دەستدرێژییە یان لە لایەن دایک و باوک و دایەن و کەسوکار یان مامۆستا یان وەستا یان مەلا یان قەشە ئەنجام دەدرێت. هەر دوێنێ بوو " گەورەترین سکاندالی ئابووبەری هەوەسبازی و منداڵبازی لەمڕووی میدیای بەریتانیا و کەناڵی BBC ئاشکرا بوو دەربارەی جیمی ساڤیە گەورەترین کارەکتەری میدیایی و بەناوبانگترین دیجەی و بڕیاری کەناڵی ناوبراو کە زیاتر لە

چوارسەد هاپەرت و سکاڵا لە دژی دەستدرێژی کردنە سەر منداڵان درا بە پۆلیسی بەریتانیا"(١). لە ڕووی مەژوویی و ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە بە مەژووی بڕایەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە. واتە لەڕووی مەژوویی و منداڵبازیی لە بڕبڕیانی مەژووی و یەخەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتووە و لە تەواوی سەردەم و شارستانێتییە جیاوازەکان بوونی هەبووە و بە شێوەی جیاجیا دەرکەوتووە. ئایینیش سەرباری هەڵکردنەوەی منداڵبازیی بشێوێکی ئاشکرا، بەردەوام هەندێک لە پیاوانی ئایینی بە بارە نهێنییەکەی ڕەواجیان بەم کارە داوە. ئەم کردارە قێزەونە ڕەنگە هەندجار خولیای کەسیی بێت و هەندجاریش بووبێتە حاڵەت. بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵی بە مەڵا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەوە هەبووە و هەیە. کاتێکیش مەڵا ڕوو لە خوار هەنگاو دەنێ، منداڵبازیی ڕوو لەسەر دەڕوات و بەرز دەبێتەوە. بەپێی سایتی (Info on Islam) لە ٩٥ % سایەق تڕلڵ و لەریپەکانی وەاتێکی موسوڵمانی وەک پاکستان منداڵبازی دەکەن و سێکس لەگەڵ منداڵی نەرینە دەکەن.(٢).

منداڵبازیی (بەچەبازیی و هەتیوبازیی) زۆر پێش پەیدابوونی ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحی بە شێوەیەکی بەرچاو پراکتیک کراوە. لەیەنانی کۆندا منداڵبازی بڕبڕاو بووە و شارستانێ جیاوازەکانیش بەبڕی نەبوونە لە پیادەکردنی ئەم تاوانە دژی ئینسانییە. واتە وەک لەکەیەک بە درێژایی مەژووی کۆمەڵگای ئینسانی بە نەوچەوانی مرۆڤایەتییەوە بووە. مرۆڤ بە ئازاد لە دایکبووەکانی ئەسینای کۆن مافی ئەویان هەبووە سوود لە کەیلەکان وەربگرن و سێکسیان لەگەڵدا بکەن. هەروەها "کۆمەڵگای ڕۆمانی کۆمەڵگەیەکی پێتریارکی یان پیاوسالاری بووە و پیاوە ڕۆمانییەکان ئازاد بوون لەوەی چێژ لە سێکسکردن وەربگرن لەگەڵ نەرینەدا بە ئەوەی پیاوەتی یان دەخی کۆمەڵایەتییان لەدەست بدەن ئەگەر ڕۆڵی نەرایەتی ببینن. بە ئەم مەبەستەش سوودیان لە کەیلەی نێر وەردەگرت(٣). ئایینەکان گەرچی لە ڕووخساردا دژایەتی منداڵبازیی دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە بکەونە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە دەیەها چیرۆکی دێتەزێن و سەدەها سکاندا لەخە دەگرێت کە هەزاران منداڵ بوونەتە قوربانی. هەر بەنموونە پاپای کەنیسەی کاسۆلیک پیتەر هەڵرمان یەکەکە لەو پاپا دەستدرێژیکەرانەی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە لاقەی منداڵانی کردووە"(٤). لە جیهانی ئیسلامیشدا و لە کات و شوێنی تایبەتدا ئەو دیمەنە ناشیرین و هەواڵە تاڵانە دەبینرێن و بەرگوێ دەکەون. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مەژوونووس مارسای هەدگسن لە وتاری "شارستانی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاست"دا

دنووسەت " سەرباری تەکردنەوەی بەهەزی ئەم دیاردەیە لە لایەن شەریعەتەوە، کەچی پەیوەندی سەکسی نەوان پیاوی پگەیشتوو(بالغ)و هەرزەکار زەر بە ئاسانی لەنەو بازنەی چینی باڵا قەبووە دەکرا(٥). هەرچی سەردەمەکانی دواترە منداڵبازیی وەکو خەی ماوەتەوە و چارەسەر نەکراوە. تەنانەت چینی ئەرستەکراتی کەمەگە، نەخشی بەرچاوی هەبووە لە فریودان و هەخەتاندنی کوانی چینی هەژار و لاقەکردنیان. لە ئاستی نەونەتەوەییش گەلە هەوە دراوە بە وەستانەوە دژ بەو پرسە و دیارترینیان "بە یەکەمجار وەزیرانی دادی چل و شەش دەوەتی ئەوروپی لەگەڵ ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١٢ لە بروکسڵی پایتەختی بەلجیکا کە دەبنەوە تا ناەزایەتیی خەیان سەبارەت بە منداڵبازیی دەربڕین"(٦).ەنگەدانەوەی منداڵبازیی و نەربازیی (هاوەگەزبازیی) لە هونەر و ئەدەبیشدا بە ئاشکرا هەست پەدەکرێت. منداڵبازیی هەر تەنها مرۆڤ سادە و نەخوەندەوارەکانی کەمەگەی نەگرتەتەوە، بەکو هەندەجار گەلە هونەرمەند و ئەدیب دووچاری ئەو دەردە بوونە و ئەگەر لاپەکانی مێژووی ئەدەب و هونەر هەبدینەوە گەلە ناومان بەرچاو دەکەوە کە ەنگە بنە مایەی شەک و سەرسامی، لەوانە " شاعیر و شانانامەنووسی ئەرلەندی ئەسکار وایلد(٧) یان کەە مەقامزانی بەغدا ەحمەتوەڵا شەتاغ-ی کورد.(٨). ئەم دەردە کەمەایەتییە کە تا ئەستا و کاتی نووسینی ئەم دەانە بەردەوامی هەیە و بەداخەوە هیچ ە و شەنەکی گونجاو نەگیراوەتە بەر بە چارەسەرکردنی بنەەتی، بەڵام وردبوونەوە لە زەمینەی سەرهەدانی ئەم دەردە کەمەایەتییە دژە مرۆییە و سەرنجدان لە هەکارەکان ەنگە خراپ نەبێت. بە بەچوونی من کەمەگە پاشکەوتووەکان زەرتر زەمینەی لەبارن بە سەرهەدان و گەشەی ئەو تراژدییایە، بەتایبەتی کە ەژەی نەخوەندەواری لە ئاستەکی بەرزدابە. جگە لەمەش بوونی بەشایی سەکس و چەپاندن لە ژیانی مرۆڤکاندا؛ کاریگەری خەیان هەبووە و هەیە بەسەر دەستبردن بە وەها کارەکی ناپەسند. کلتوور و پەیوەندییە کەمەایەتییەکان و بە تایبەتی کاتەک داب و نەریت ەگەر بێت لە ئاشکراکردنی ەگەزی ەاستەقینەی مرۆڤکان جا چ ئەوانەی لە ەووی سەروشتییەوە نەەرن و بە ەواڵت وەک مە دەردەکەون یان بەپەچەوانەوە، کاریگەری هەبووە و هەیە بەسەر ئایدەندەتی مرۆڤکان.

ستراکتەری کورتەچیرۆکی نوورشەش

نوورشەش ناوی شەشەمین کورتەچیرۆکی کتەبی "بانی تاریکی" ی شاعیر و چیرۆکنووس فەرهاد شاکەلییە کە چاپی سێیەمی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن دەزگای ئاراس"ەوە چاپ و باو کراوەتەوە. ماجەرای دەقەکە بەم

جڕێ : نووڕشەش و خانەوادەکەی لەنێو کەسوکاریاندا لە گوندەکەیان دژیان. شەش بە هەر کولەمەرگییەک بووە نیهەشت نووڕ و دایکی موحتاج بن. وەختێ شەشەی باوکی نووڕ مانەوایی لە ژیان دەکات، دایکی نووڕ کەچ دەچێتە کوێیەوە و هەوای شار لە کاڵەی دەدات و چەندە خزم و کەسوکار هەوەی لەگەڵ دەدەن، بەسوود دەبێ و دەستی نووڕ دەگرێت و دەچێتە شار. لەوێ لای وەستا شەریف کە هاوڕێیەکی باوکی نووڕشەش بووە، جێگایەک پەیدا دەکەن. نووڕ سەرسام دەبێت بە بارودۆخی شار وەختێ لەسەر دیواری ناو ئاودەستخانەی مزگەوتەکان دەیەها دروشم و قسەی سەیر دەخوێنێتەوە. دواتر هەر بە هەوەی وەستا شەریف کاری بەردەستی لای حەمەسەنی تەنەکەچی بە نووڕشەش دەدەزنەوە. نووڕ بەئاگا لە دونیای شار و پەیوەندییە ناتەندروستییەکانی شار خەریکی کارکردن دەبێت. تا ڕۆژێک وەستاکەی هەوە دەدات دەستدرێژی بکاتە سەر نووڕشەش و نووڕش دەیکاتە دەنگەدەنگ و هەڵدێ. ماوەیەک بێکار دەمێنێتەوە. لەڕشەوە بەفر و گڵەیی دایک دەست پێدەکات. تا ڕۆژێک نووڕشەش بە هەوەسی خەی کاری سەکنیی لای بڵە زەراب، مام برایم بە خەی دەدەزێتەوە. نووڕشەش دەی بە کارە تازەکەی خۆش بوو. ڕۆژێک وەستا برایم لە کاتی گفتوگۆیان لە ڕێگا زەفەری پێدەبات و نووڕ هەرچەند دەپاڕێتەوە کەڵکی نابێت و لە تاوان تەسلیم دەبێت و دەڵێت توخوا وەستا یان مام برایم ئازارم مەدە با زەر نەیەشێت.

مام برایم توخوا وازم لێبێنە
وس بە قوبندەر
مامە برایم ئەومە قوربانت بەس ئەمجارە وازم لێ بێنە(٩).

ئیتر نووڕ شەش لەڕوە هەست دەکات سنووری منداڵی دەبڕێ و دەبێتە پیاو و پێ دەنێتە دنیای خەڵکە گەورەکان.

مام برایم توخوا ئازارم مەدە…
ئازارت نادەم، نا…دایکێنە دەی…
ئاخر توخوا زەر دەترسم توخوا با ئەشی نەیەت.(١٠).

ئیتر لەڕە هەوداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەگەنە چەپڕەپ و (Rising Action) هەوو دەدات. تەسلیمبوونی نووڕشەش بە بڵە زەراب چەپڕەپە(Climax) و خاڵی وەرچەرخانی ململانێی نێوان دوو دنیای تاوان و بێتاوان، جڵلاد و قوربانی، تاوکەر و وێنچیرە. ئێو هەڕە هەوو لەسەرەی هەوداوەکان لێو خاڵەوە هەوو لەخوار دەکشێت. ئیتر وەک دەرئەنجامی ئەم کردارە دراماییە لە ئەدەبی گفتوگۆیەوە، هەوداوەکان

خـــاو دەبنەوە و ململانێکـــان هەـــورتر دەبنەوە. دواجـــار نووسەر(حیکایەتخوان) لەمیانی بەـــکردنی فوئادی ئامۆزایەوە لە گەراجی نەهزە لە شاری بەغداد نووڕـشـە دەبینێت و سەکنی هەیە و ئیتـــر بەو جۆرە ڕووداوەی ڕووداوکـــان دەچێتە پـــش. ســتراکتووری چیرۆکی نووڕـشـە نیشاندانی کابووناوەی پەیوەندییە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانە لە شار، ئەو پەیوەندییانەی کە لە گونددا هەشتا بەهاکانیـــان لە ئاســتێکی بەرزتـــردان. نیشانـــدانی دوو وێنەی لێکجیـــاوازی شـــار و لادێ و دوو جۆر پەیوەنـــدی و دوو جۆر ژیـــانە، ئاماژەیەکی گرنگە بە گۆشەی پیشەوەریی کە شاریش وەک دەرئەنجامی ئەو گۆشەکردنە هاتۆتە بوون و شکۆ و شەوەی پێدراوە. شاریش وەک وتمان بە پاڕـوانی چیرۆکەکە “نووڕـشـە” جێی ئامان و سەرسوومان بوو.” نووڕـشـە زۆر دێی بەشار خۆش بوو. حەزی دەکرد شەو و ڕۆژ بەناو کۆـان و بازاڕ و قەیسەریدا بسووڕێتەوە تەماشای دوکان و کۆگا و شتی جوان بکات”(١١). نووسەر لەهەڵبژاردنی کارەکتەرەکانی چیرۆکـــی “نـــووڕـشـە”دا زۆر بە وردی لە کەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕوانیوە. بۆیە کارەکتەری گونجاوی بە کـار و شـوێنی گونجاو هەڵبژاردووە. سیفەتەکانی پاڕـوانە سەرەکییەکان(Protagonist) لەچیرۆکی نووڕـشـە بریتین لە :
یەک: نەخوێنـــدەوارن یـــان کەلکە خوێنـــدەوارن و دووریـــی ئەو کارەکتەرانە لە قوتابخانە و کتێب و زانست و مەعریفە.
دوو: سادەن و بە کەمـــی گرفتی دەروونیی دەوروبەر دراون، هەرچەندە کەشەی ئابووری یەکەکە لە کەشە گشتی و باوەکانی کارەکتەرەکان.
ســێ: دەپـــاکی و نییەت پـــاکی کۆمەـــایەتی کارەکتەرەکـــان و وابەســتەبوونیان بە کلتـــوور و پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــانی پاشماوەی سیستەمی دەربەگایەتی .
چوار: بەکەسی و غیابی پەروەردەی دروست و نەبوونی سەرپەرشتیار و لەپرسینەوە بە تایبەتی نووڕە کە باوکی نەماوە و دایکیشی فریای ژیانی سەختی شار ناکەوێت.
بەمجۆرە فەرهاد شاکەلی بە وشە و لە ڕۆگەی کورتەچیرۆکەکەوە وێنەی دیمەنێکمان بە دەکەشت کە بە شەوێکی نهێنی و نادیار لەسەر دیواری نێو ساختمانی کۆمەڵگە هەڵواسراوە و مرۆڤکانیش نایبینن.

داتەپینی هەـــ درامیی مەراق لە بونیادی دەقی نووڕـشـەدا

لە بونیـادی دەقـی چیرۆکـی نـووڕـشـەدا هەـــی درامیـی مەراق لە بەرزبوونەوە و دابەزیندایە. لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە لادێیەکی

ناوچەی گەرمیان کە لە لایەکەوە ئایین زربەی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی خستۆتە ژێر چاودێری و لە لایەکی ترەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چێشنی خزمایەتی و هۆز و عەشیرەت زۆر بە زۆقی سەبەری هەیە بەسەر ژیانی تاکەکانەوە. مەراڵەش لەژێر کارتێکردن و کاریگەری ئەو دوو فاکتەرە ئاکتیڤەوە پێناسەی کراوە. بەیە لادان لەهەڵە مەزاڵ گەورەترین پرسیار لەسەر کەسێتیی تاک دروست دەکات و هەندە جار خزم و کەسوکاریش دەکەونە ژێر فشاری کۆمەڵایەتییەوە و پەرچەکردار و هەڵوەست وەردەگرن. لە کورتەچیرۆکی نووڕاوەکانی ئەو سەروەریەی کە مەزاڵ لە کۆمەڵگەی کوردستان هەیەتی لەئەنجامی دەسدرێژی کردنە سەر نووڕاوەکانی تووشی داتەپین دەبێت و نیشاندانی وێنەیەکی قێزەونە لە حاڵەتێک کە ئیش لەسەر کوشتنی بۆها مرۆییەکان دەکات. مەزاڵ لە دەقی نووڕاوەکانی بە دوو جۆر خۆی نمایش دەکات. جۆرەکیان مەزاڵی دیار و بگرەرە کە بە فلتەری ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا تێدەپەڕێت و بە هەزیشەوە ناوی دەهێنرێت. بەڵام ئەوی تریان مەزاڵی نادیار و خۆشدارە کە بە هیچ جۆرێک بە فلتەری کلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێناپەڕێت. بەڵام سەرباری ئەو پەداگریەی مرۆڤەکان لەسەر مەزاڵ، کەچی بە هەزاران مرۆڤ دەبینین هەژانە دەبنە قوربانی حەز و خولیا و شەهوەتی ناوگۆیی مرۆڤگەلێک کە بچووکترین ئینتمایان نییە بە مەسەلە مەزاڵییەکان. پیشەگەلی لە چێشنی تەنەکەچی و سەکنی و فیتەر و کوشنچی و وایەرمەن و..تاد، بە گشتی ناچنە چوارچێوەی ئەو دیمەنە ناقەزا و ناشرینەوە، چونکە ئەو پیشەگەلە سەرباری ئەوەی سەرچاوەی بژێوی سەدان و هەزارەها خەزانن و بە هەزاران وەستای بەهێز دوور لەو کارە دەندانەیە بە ئارەقی نوچەوانیان بژیوی خۆیان و خەزانەکانیان دابین کردووە و دەیکەن. بەڵام لە پەنای ئەمانەشدا و لەلایەن گەلێ وەستای نائینسانەوە و لە چوارچێوەی هەر ئەو پیشەگەلەوە گەلێ منداڵی جوانکیلەی پاک و بگرەدیان کردەتە نێچیری شەهوەت و دڕوونە نەخشەکانیان و دووچاری کارەساتیان کردوون، ئەمانیش بە دەوری خۆیان هەم وەک تاوانکردنەوەی خۆیان و هەمیش وەک خوو و نەریتێک کە ژیانیانی نەخشاندووە، درێژە بەو کارە ترسناکە دەدەن. واتە منداڵبازی هەر تەنها لە چوارچێوەی خولیا و ئارەزوو نەماوەتەوە، بەڵکو لە چیرۆکی نووڕاوەکانی بەتە حاڵەت، بەڵام حاڵەتێکی ترسناک و نادیار.

فەرهاد شاکەلی وەک نووسەرێکی بوێر لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ دا دەست دەخاتە سەر دەردێکی ترسناک کە بەرکی کۆمەڵگەی کوردستانی گرتووە و چاونەترسانە وێنای دەکات. بەدەنگی لە ئاست ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە و لالەنکردنەوەی بە کۆمەڵە هەکار دەگەڵەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەک : ترس لە شکانی شکۆی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و کۆمەڵنگبوونەوەی شانازییە کلتووریییەکان.
دوو : سەرقاڵیی تەواوی ناوەندەکانی نووسین و ڕۆشنبیری بە کێشە سیاسییەکان و مەسەلەی خەباتی کورد و شۆڕش و ڕزگاری مرۆڤی کوردەوە و بینینی ئەم پەتا کۆمەڵایەتییە وەک کێشەیەکی لاوەکی.
سێ : نەبوونی ڕۆخنەیەکی کۆمەڵایەتی و لە ئارادانەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی دروست سەبارەت بە سەرجەم دیاردە و کێشەکان و ئاڵاستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو ڕۆهەندەکانی کرانەوە و مەدەرنەکردنی ژیان.
چوار : ئامادەنەبوونی نووسەرانی کورد بە ساڕشکردن لەسەر ناعەقڵانییەت و دەستگرتن بە کۆمەڵە بەها؛ کە کار لەسەر خەدزینەوە و دروستکردنی ناسنامەی نووسەر دەکەن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی.
پێنجەم : فەرامۆشکردنی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە لەلایەن ڕای گشتی و میدیا و دەسەڵاتە کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگەوە.
پشتگوێ خستنی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە کە مەترسی هەیە بە سەر بەهاکانی ژیان، هەکارەکە بەرەو بەگەن بردنی کۆمەڵگە و کەنارخستنی ژیان لە لەواری کارەسات و ڕووداوە نەخوازراوەکان.

کۆمەڵگەی کوردستان و پرسی منداڵبازی..خولیا یان حاڵەت؟

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا (بەتایبەتی لە باشووری کوردستان) پرسی منداڵبازی لەدەرەوەی سنوورە ناسراوەکانی مەڵا و ژیانی خەزانەوە هەناسەکانی خەی داوە. نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و بگرە زوتریش ئاوەی نەخشی ژیانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دیاری دەکرد، بریتی بوو لە سیستەمێکی تەتالیتاری و حکومڕانی دەوڵەتێک کەهەموو شتێکی لەلووڵەی چەک و سەرکوتی سیاسیدا دەبینییەوە. پەروەردە و فێربوون، میدیا، هۆشیاری کۆمەڵایەتیی جگە لە بڕجەستەکردنەوەی بڕژەوەندییەکانی حکومەتی سەرکوتگەر هیچی تر نەبوون. لەدەخێکی وەهادا بەدنیاییەوە خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیی و سەقامگیری ئاسایش بە گەلی کورد خەونگەلێکی دوور بوون. ئەم جگە لەوەی کە دەخی سیاسیی کورد وەک بوونی بزووتنەوەیەکی ناڕزایی و خەباتێکی چەکدارانە دژ بە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق زەمینە خۆشکەر بوون بە هیشتنەوەی ئەو پارچەیە لەدواکەوتوویەکی نەخوازراو. بەیە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا دەبینین کە سەرباری پرسی منداڵبازی، پرسگەلی وەک نەربازی و ئاژەڵبازیش بوونی هەبووە. ئەم پرسانە لە بنچینەدا

نگدانەوەی ئەو هەلومەرجەن کە مرۆڤکان توانای هەبژاردنیان نییە و ناتوانن ئازادییەکانیان دەستەبەر بکەن. واتە فەزای کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان بە جۆرێک بووە کە مرۆڤکان لە بەرامبەر غەریزە و ئارەزووەکانیان جگە لەپەنا بردن بە درۆ و فێڵکردن لە خەڵک هیچی تریان لەدەست نەهاتووە. ئەمە ئەگەر چی هیچ ئامار و داتایەکی دادگا و دەزگای پۆلیسی کوردستانمان سەبارەت بە دەستدرێژی کردنە سەر منداڵ لە بەردەستدا نییە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو دیاردەیە بنبە بووە. چونکە زەرجار ترس و شەرم ڕێگرن لە پەردە لادان لەسەر ئەو دیاردەیە. دەخی کۆمەڵایەتی کوردستان کە بارگاویە بە شەرم و ترس، فەراهەمهێنەری زەمینەیەکە کە تیایدا قوربانییەکانی ئەم پرسە نێک هەر ئامادە نین داوای گەلانەوەی شکە و مافی پێشێلکراویان بکەن، بەڵکو قایلبەخشن بەو ستەمە. بەدەنگبوون لەم شکانی شکەیە، بەدەنگبوونە یان دەستبەرداربوونە لە بەهای مرۆیی. هەر لەم دەخە شەرمئاوەڕە بە نموونە تا کۆتایی سەدەی بیستەمیش ئاژەبازی (بۆتایبەتی کەرگاین) دیاردەیەکی باو بوو و نێک هەر لە گوندەکانی کوردستان بەڵکە لە شارەکانیش گەنج و هەرزەکاران بەشانازییەوە چیرۆکەکانی خەیان لە چنیەتی گاینی ماکەر دەگەڕایەوە. دیاردەی ئاژەبازی سەر بە کلتووری دەربەگایەتییە و کاتە کۆمەڵگە لە سەرەتاکانی قۆناغی سەرمایەداری دایە و هەشتا عەقڵییەتی کۆمەڵگە عەقڵییەتێکی لادێیە و مرۆڤکان سوێند بە سەری یەکتر دەخن، ئاژەبازیش کۆی کوە و کاڵ گەرم دەکات. ئەگەر ترس و شەرم نەگەر بن لە بەئاشکرا باسکردنی منداڵبازیی، ئەوا ئاژەبازیی ئەو ترسەی تێدا نییە. ئاژەبازیی هەندەجار بۆتە ناو و ناتەرە و بەخشینی سیفەتی ناشیرین بە ئینسانەکان و هەندەجاری تریش بۆتە مایەی دڵیان نووکتەی کۆمەڵایەتیی لەسەر مرۆڤکان.

منداڵبازیی ئەگەر لە سەرەتاوە وەک بەشایی سێکسی و خولیای تاک خۆی نمایش بکات، بەڵام دواتر وەک پرسیکی کۆمەڵایەتی گۆشە دەکات و لە نێو تۆڕێک لە پیشەوەران دەبەستە حاڵەتی باو و نەوە دوای نەوە پەیڕەوی دەکەن. لەگەڵ گۆشەی شارو پیشەسازی و بەاوبوونەوەی قوتابخانە و خوێندەواری لە کۆمەڵگە، ئەم پرسە بنبە نابەت بەڵام کەم بوونەوەی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینەت.

فەرهاد شاکەلی لە دەقی چیرۆکی نوورەشەدا زیرەکانە جووڵە بە کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەکات چ لە ڕایەڵەی پەیوەندییەکانیان و چ لە گفتوگۆ و مانەلەگی کارەکتەرەکان کە لە بەردەم گۆشە و بەرەو ئاژەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی شار تووشی بارودۆخکی نەخوازراو دەن. نووسەر بە هەبژاردنی کارەکتەرکان و

شۆنکات و چنینی گرچنۆ و دیالۆگکان جوان ئیشی لەسەر پرسەک کردووە کە کەم نووسەر لە پانتایی ئەدەبی کوردی وەراویەتی خۆی لێبدات و زۆر کەمیش ئاوڕ لەم حاڵەتە دراوەتەوە، کە بەهەزاران مرۆڤی کردەتە قوربانی بۆئەوەی کەمەگۆ لەئاست ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەستی بجووڵێت و ڕابچڵەکێت.

سەرەتای تەممووزی ٢٠١٣
کەنەدا

سەرچاوەکان :

١-سکاندالی ئابووبەر لە بی بی سی ئاشکرا بوو، سایتی بەهاری کورد
ئاژانسی هەواڵنێری نەوەدووەتی
http://baharikurd.com/ku/far-ku/82-culture/219-bbc-jimmy-savile-sexual-abuse-scandal.html

٢-بەوانە سایتی Info on Islam کە زانیاری بەکەڵکی سەبارەت بەو دەردە کەمەئەیتییە خستەتە بەرچاو
http://crombouke.blogspot.ca/2010/01/1.html

٣-هاوڕەگەزبازی لە ڕۆمای کۆن. بە زانیاری زیاتر بەوانە سایتی
http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexuality_in_ancient_Rome

٤-پاپا لەسەرووی یاساوە نییە، تاوانکانی ناو کڵێسەی کاسلیک داوای دادپەروەری دەکەن. نووسینی کریستۆفەر هیچنیس. بە زانیاری زیاتر بەوانە سایتی
http://www.slate.com/articles/news_and_politics/fighting_words/2010/03/the_pope_is_not_above_the_law.html

٥-شارستانی ئیسلامی لەسەدەکانی ناوەڕاست نووسینی مارشاڵ هودگسن. وەرگێڕاوی لەم سایتەی خوارەوە.
http://en.metapedia.org/wiki/Pederasty_in_Mohammedanism

٦-هاوپەیمانییەکی نوێ دژ بە پۆرنۆگرافی منداڵان دەبەسترێت، سایتی ڕادیۆی کوردی لە سوید بە زانیاری زیاتر بەوانە
http://sverigesradio.se/sida/artikel.aspx?programid=2200&artikel=5368292

٧-ژیاننامەی ئۆسکارد وایڵد بەوانە کتێبی Oscar Wilde By Richard Ellmann 1987

٨-کۆمەڵە مەقامزانی بەغدا ڕەحمەتوڵڵا شەتاغ-ی کورد جەلال خدر گۆڤاری ئامان ژمارە ٥٢ ی ساڵی ٢٠٠٠ لاپەڕە ٨٧.

٩-بۆنی تاریکی کۆچیرەک نووسینی فەرهاد شاکەلی لەبارەوکراوەکانی دەزگای ئاراس هەولێر چاپی سێیەم ٢٠١١.

١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو.
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

عەزیز گەردی ڕۆژنامەنووسی بەڕەهەم لە دامەزراندنی قوتابخانەی یوسف محەمەد بەرزنجی

تێوەردان(مداخله):
نەتەوە چەن خاوەنی زمان وکەلتوورو خاک وسەروەریەکانی دیکەیە، نەوەندی ڕۆشنبیری وەناکبیریش بەهەمان شێوە خاوەنی سامان وبەهاو و گەنجینەی مەزنی عەقڵی و داهێنانی تایبەت بەخۆیەتی، ئەدیب و شاعیران ونوسەران هونەرمەندەکان بەهەموو بوارو نەوەندو ڕۆچکانیەوە، سامانی نیشتمانیی وسەروەری و گەنجینەیی لەبننەهاتووی گەلەکانیانن، پارێزگاریکردن لەدەستکەوت و سامان و گەنجینەی وەات ونەتەوە، بەستراوەتە بەپلەیەکی بەرز بەکەسایەتییەدست ڕەنگین و داهێنەرو بەبەرهەم و ماندووەکانی ئەم نەوەندەوە، پێشکەوتن تەنیا لە بواری تەکنەلۆژیاو باڕۆخانەو پرودو تونێل و ڕێگاوبان وئابووری و پیشەسازیدا نیە، بەڵکو بەشکی گەورەو گرنگی بەر نەوەندی ەوناکبیری و داهێنانی عەقڵی وهەزری مرۆڤ و کەسایەتییەکانی دەکەوێت، ئەوەی لەم دونیا جەنجاڵ وپڕکەشمەکەش و خەخواردنەوەو داوخانەی مرۆڤ و وێران بوونی نیشتمان و کاوول بوونی شارستانییەکاندا دەتەدی و مرۆڤایەتی بەنی پەوناوەو مرۆڤایەتی لەدامەزنی شارەکی خەکوژیدا چاوەیەتی و چەک کەکوژو ناوکییەکان لە ئامادەباشیدان لەبەرانبەر یەکترداو لە ڕۆژو ساڵ و چرکەوکاتی نزیک بونەوەیدایە بە وێران بوون و کاولبوونی گەی زەویی و مرۆڤایەتی، ڕەنگە لەئان و ساتدابێت، بەتەکوپەکدانی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی هەزاران ساڵو بە بەخەرمەش بوونی گەردون بەهەموو زیندەورانی زیندوو مردوویەوە، بەخاکیشەوە، بەنام ئەوەی ئەمڕۆ بەپێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چونی کەمەگەو مرۆڤایەتی تەدەکەشە، هزرمەندو نوسەرو ەوناکبیرو هونەرمەندەکانن، کە لەسەردەستی بەرهەمەی هەزری ئەواندا گەلان و میللەتان هەنگاوی گەورەی

پشکۆتنیان بەسەخاوەتەوە بەیوو لەمانزگەی سەروەری و وچانی بەرزدا بەدونیای پشکۆتن دەوانن و لەخونی گوردا دژین.

عەزیز گەردی وەک نمونە:

عەزیز گەردی، پیاوێکی دگمەن، ماندو بەدەنگ و سادەو ساکار هەمن دورە پەرێزو خەدەرنەخەر، عەقڵێکی ناوازەو بەخزمەت بگەلەکەی، بەرهەمکانی بەقەد باڵای مرۆڤێکی کوردە، زاناو زمانزانە، لەئینگلیزی و فەرەنسی، فارسیی، عەرەبی، ئازەری، کوردی... هەنگە کەمم گوتبێت دەزانێت، تائێستا لەشاشەیەکی تیڤیکەوە نەبینراوە، لەکەنەکدا دەرنەکەوتوو، بەڵام دەیان کتێبیی بەکتێبخانەی کوردی نوسیوەو وەرگێڕاوە، هەموو چاپکراوەکانی خەیی بەهەوەماندوبوون وشەونخونی و پەئازاروخونی مەزنەوە چاپکردووە، ئەو دکتواری هەیە، بەڵام قەت لەهیچ کتێبێکیدا، لەسەر هەوو بەرگی چاپکراوێکیدا دالدک بەپشخانی ناوەکەی دانەنراوە، عەزیز گەردی کوەی لادێ و شارە، بەڵام خەمی ئەو کتێب و خوەندەواری و پشکۆتنە بگەلەکەی، ئەو بەماماستایەتی دەیان نەوەی شارو گوندی تا زانکۆ پگەیاندووە، ئەوەندەی بەخەمی خوەندەواریەوە بووە، نیوئەوەندە بەخەمی خەیەوە نەبووە، ئەو پاوێکی مەزنە سامانی گەورەو گەنجینەی نەبراوەی ئەم گەلەیە، چەن ئاسایش وئارامی بەپشکۆتن بەنرخ و بەکەڵکە، نوسەران وەوناکبیرانیش بگەل بەکەڵک وبەسودن، نابێت ئەم گەنجینەو سامانە نەتەویانە فرامۆش وپراوێز بخرێن،تکایە عەزیز گەردی کەوک هەزکی بەردارو گوڵکی بەنخشە فەرماموش مەکەن و بەهانایەوە بچن، چونکە ئەم سامانگەورەو مەزنانە تا سەدیەکی تر هەنگە دروست نەبنەوە، تا لەژیاندان هەزیان بگرن و بەسامانی گەل وخاکی خەتانی بزانن و بابیرنەچنەوە.

عەزیزگەردی ویادەوری:

لەسەرەتایی ساڵی هەشتاوە مامستا عەزیز گەردی دەناسم، چەندجارێک لەناحیەی بەحرکەمانزگەو زەدی خەیی سەردانم کردووەو بەخزمەتی گەیشتووم، لەگەڵ مامستای پارێزەرو خەمخەری مەژوو کەلەپوورو دەسەز مامستا (عەبدولەقیب یوسف)سەردانم کردووەو بەسەرمان کردەتەوە، کاتێک مامستا لەزانکۆی موسڵ قوتابیی بوو لەبەشی فەرەنسی، لەیەکەم ساڵدا کتێبێکی لەفەرەنسییەوە کردە عەرەبیی و لەزانکۆ بەهەی لەهاتووی و توانای ئەم کۆمسایەتیە لەقەناغی یەکەم بەرزکرایەوە بەقەناغی سێیەم وەزی لەزانکۆ لەگیراوەو بەبەهای بەرزەوە سێیری کرا، ئەوکاتانەش دەهاتە سڵەمانی چەندجار لەگازندەی

گەل و میوانخانەکەی میرزاحسەن، ئوتێلی گەل یەکترمان بینیوە، ئەو کاتەی سەرۆتای سانانی هەشتاکان، (ئەدەبی بگانان)ی چاپکرد بەچەندبارگەک و (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤی لەئینگلیزییەوە وەرگێڕاوچاپ و بڵاو کردەوە، زیاتر ناسراو ناوی لەنووندی ئەدەبیدا لەدرەوشانەوەدا بوو، مامۆستا عەزیزم کاتێک ناسی گەنجێکی ١٤ ساڵان بووم، زۆر سەرسام بووم بەزمان پاراوی و سادەیی و لەسەرخۆیی و دڵوڕەندو کامڵ لە مەعریفەدا، ئۆوکاتەی (کتێبخانەی خاکی)مان لەگازێنەی گەل هەبوولەگەڵ شەهید مەحمودخاکی، لەشەقامی مەولەوی تەنیشت پێستەی سلێمانی، سەردانی دەکردین و دەمانبینی وبەخزمەتی دەگەیشتین، هەرکاتێک هاتبێتە سلێمانی سەردانی مامۆستای شوێنەوارو ناس ومێژووپڕوڕ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفی کردووە، ئەوندەی بزانم ئەم دوکەسایەتیە زۆر ڕەزو خۆشویستی لەنەوانەدا هەیە.

عەزیز گەردی کێیە:
